دەزگای ئاسایشی هەرێم ڤیدیۆی ساتی تیرۆرکردنی کادری یەکێتیی نیاز دەرگەڵەیی ئاشکرا دەکات

دەزگای ئاسایشی هەرێم ئەنجامی وردەکاریی لێکۆڵینەوەی تیرۆرکردنی "نیاز دەرگەڵەیی" بە [illegible] بەڵگە ڤیدیۆیەک بڵاودەکاتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی دەزگای ئاسایشی هەرێم کە ئەمڕۆ دووشەممە بڵاوکرایەوە، هاتووە، دوای ئەوەی لەشەوی 18ـی 8ـی 2023 شەهید نیاز دەرگەڵەیی سەردانی باخەکەی دەکات لە باشووری قەزای ڕانیە لە (کانی قوڵکە)ی سەر بە شارەدێی (بەسکەن) کە دەکەوێتە نزیک دەریاچەکە، لەلایەن سێ تۆمەتبار چاودێری وورد دەکرێت و لەکردەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کاتژمێر 8:40ـی شەو نیاز دەرگەڵەیی لەناو باخەکەی خۆی بە چەکی جۆری دەمانچەی بێدەنگ (کاتم سەوت) تیرۆر دەکرێت.

ئەوەش خراوەتەڕوو، تۆمەتباران هەمان ڕۆژ 18ـی 8ـی 2023 کاتژمێر 4:26ـی پاشنیوەڕۆ لە ڕێگای گوندی (بەستانە)ـی سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێگەی دەگەڵەدا، بە ئۆتۆمبێلی جۆری (تویتا هایلۆکس ڕەنگ سپی) هەڵگری تابلۆی ژمارە 227778 عێراق_هەولێر (جام ڕەش)، بەڵام لە بنەڕەتدا ژمارەی ئۆتۆمبێلێکی دیکەیە و بەنایاسایی بۆ ئەم تاوانە بەکارهێنراوە کە خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ (فەرهاد خانە خانە عەلی شەروانی) لە ڕێگای تەقتەق-کۆیە بۆ چیای هەیبەت سوڵتان بەرەو ڕێگای هیزۆپ و پاشان لەشارۆچکەی چوارقوڕنەوە بۆ ئاڕاستەی شوێنی ڕووداوەکە دەڕۆن، تۆمەتباران بە سوود وەرگرتن لە ڕێگا لاوەکییەکان

دەچنە شوێنی ڕووداو.

تۆمەتباران کاتژمێر 6:32ـی ئێوارە لەنزیکەوە بە وردی چاودێری باخەکە دەکەن، لە وردەکاریی لێکۆڵینەوە و گرتەکانی کامێرای چاودێری دەردەکەوێت سێ تۆمەتبار لە هەولێرەوە لەسنووری گوندی بەستانەوە خۆیان دەگەیەننە شوێنی ڕووداوەکە و پاش دڵنیابوونەوە لەوەی نیاز دەرگەڵەیی بەتەنیایە (دوو) لە تۆمەتباران بەپیادە لەبەشی پشتەوە (تەلی سیاجی) باخەکە دەبڕن و یەکێک لە تۆمەتباران دەچێتە ژوورەوە و ئەوەی دیکەیان لە دەرەوەی باخەکە چاودێری دەکات، هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەکانی تیمی بەڵگەی تاوان تەنها شوێن پێی یەک تۆمەتبار پاش ئەنجامدانی تاوانەکە لەکاتی هەڵگرتنەوەی شوێن پێیان بەدیواری باخەکەدا دەمێنێتەوە و بەچەکی جۆری دەمانچەی بێدەنگ، لەگەڵ بینینی (نیاز دەرگەڵەیی) لەناو ماڵەکەی 5 فیشەک دەتەقێنێت و 3 فیشەک بەر سەری (نیاز دەرگەڵەیی) دەکەوێت و دەبێتە هۆی شەهیدبوونی و دوای ئەنجامدانی تاوانەکە تۆمەتباران بەپیادە بە ئاڕاستەی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکەیان هەڵدێن کاتژمێر 8:45ـی شەو بەخێراییەکی زۆر شوێنی ڕووداوەکە جێدەهێڵن و بەنزیکەی -800 مەتر ئۆتۆمبێلەکەیان لەباخەکەوە دوورە و بەهەمان وردەکاریی ڕێگە لاوەکییەکانی هاتنیان هیزۆپ هەیبەت سوڵتان -کۆیە خۆیان دەگەیەننە گوندی بەستانەی سنوری پارێزگای هەولێر و دەگەڕێنەوە.

دەزگای ئاسایشی هەرێم ئەوەشی خستەڕوو، بەهۆی بەردەوامی بەدواداچوونەکانی دەزگای ئاسایش هەرێم و پاراستنی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ڕانیە فەرمانی دەستگیرکردن بە(فەرهاد خانە خانە عەلی شەروانی) بە ماددەی 406 لەیاسای سزادانی عێراقی دەرچووە و وردەکاری بەڵگەفیدیۆی تاوانەکە لەئێستادا لەلایەن دەزگای ئاسایشی هەرێم بڵاودەکرێتەوە و بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم کەیسە بەردەوامە.

کورتەیەک دەربارەی نیاز دەرگەڵەیی ...

نیاز جەلال بەگ مەحەممەدەمین یەحیا ناسراوە بە (نیاز دەرگەڵەیی)، لە ساڵی 1956/7/1 لە قەزای ڕەواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، ئامادەیی کشتوکاڵی تەواوکردووە و ساڵی 1977 پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ و ساڵی 1981 پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی کردووە لە هەرێمی حەوتی باڵەک، دواتر لە تیپی 78ـی کارێخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

نیاز دەرگەڵەیی ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگریی کردووە لە سنووری مەڵبەندی سێی یەکێتیی هەولێر، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێنج جار بریندارابووە، کە سێ جار بە فیشەک و دووجاریش بە چەکی کیمیایی و دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین فەرماندەی کەرت بووە، لە ڕاپەڕیندا بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکاندا، لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕینیش لە چەندین ئەرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، فەرماندەی فەوج بووە لە سوپای یەکگرتوو، فەرماندەی بەتالیۆن، جێگری هێز و لێپرسراوی میحوەری وەرتێ بووە، لە حکومەتی هەرێمی

کوردستانیشدا کراو□ت□ قائیمقامی ه□ردوو ق□زای چ□مان و دوکان.

نیاز د□رگ□□□یی ئ□ندامی پ□شووی ئ□نجوم□نی ناو□ندیی ی□ک□تیی نیشتمانیی کوردستان، ش□وی 2023/8/18 ل□ سنووری رانی□ تیر□رکرا.